# هونەری رووناکی لەباخچەکاندا

تارا فائق
ئەندازیاری کشتوکاڵی

بەهۆی رووناککردنەوەو دانانی رووناکی دەتوانرێت باخچەکان لە ئێوارانیشدا بەکاربهێنرێت سوودی لێوەرگیرێت، لەبوارەکانی بەسەربردنی کاتەکانی پشوو هەروەها بۆ خۆشیو ئاهەنگو خوێندنەوەو خواردن...تاد. لێرەوە بیرۆکەی دانانو رۆشنکردنەوەی باخچەکان گرنگیو بایەخی تایبەتی خۆی دەبێتو هەستی هونەریو رەنگاورەنگی برەوپێدەدرێت. بۆ نمونە ئەگەر لە باخچەی ماڵێکدا کە لەرووبەرێکی بچوکدا دروستکراوە حیساب بۆ هۆکارەکانی رووناکی لەناو باخچەکەدا نەکرابێت ئەوا پەنجەرەی ماڵەکە وەك ئاوێنەیەکی تاریك رۆڵ دەبینێتو لەوانەیە ببێتەهۆی سەرچاوەیەك بۆ دڵتەنگیو خەمۆکی لەماڵدا نەك بە پێچەوانەوە. بۆیە گرنگە چەندە هەوڵ بۆدروستکردنی باخچەو بەخشینی دیمەنی سەوزو جوانی دەدرێت وەك تەواوکەرێت بۆ ئەو بوارەش لایەنی رووناك کردنەوە فەرامۆش نەکرێتو هەوڵبدرێت هاوسەنگی لەنێوان باخچەو هۆکارەکاندا بکرێت بەشێوەییەك بوونی شەو کاری نێگەتیڤی لەسەری نەبێتو بایەخی تەواو بەهەموو دیاردەو هۆکارەکانی زانستیو هونەری بدرێت، لەو دیاردانەش کە لەرووناککردنەوەی باخچەکاندا دەبێت بایەخی خۆی هەبێت بریتییە لە:

- **رێڕەوە سەرەکییەکانی هاتووچۆ:** مەبەست هەموو ئەو رێڕەوانەیە کە بەباخچەکان دەگات یان دەمان بەستێتەوە بە باخچەوە، ئەگەر ئەو رێڕەوانە بۆ ئۆتۆمۆبیل یان پیادەبێتو بەدەور یان لەناو باخچەکەدا بێت حیسابی رووناکی تایبەتی بۆبکرێت بەپێی دیزاینو چۆنیەتی بەکارهێنانی لەلایەن خەڵكو هەوڵبدرێت هاوسەنگییەك لەنێوان دانانی رووناکیو شێوازی رووناککردنەوەدا هەبێتو

هەموو ڕێڕەوەکان لە ڕووناك کردنەوە بێبەش نەبن، بەپێی بایەخی تایبەتی خۆیو مەبەستی بەکارهێنانو ئارەزووو زەوقی تایبەت پسپۆری بواری باخچەو دیزاینەر.

- لەکاتی بوونی لێژی یان پێپلیکانە، دەبێت حیسابی تایبەتی بۆ بکرێت، بەجۆرێك هەموو لێژییو پێپلیکانە بەتەواوی ڕووناککراوەبێتو مەترسی هاتووچۆ نەبین دروست نەبێتو جوانییەکەی بەتەواوی دەرکەوتووبێت.
- ئەوشوێنە تایبەتیانەی دابینکراوە بۆ دانیشتن وەك مەستەبە یان کورسی دانیشتن یان دەوروبەری مەلەوانگەو دەریاچەو تاڤگەو.. تاد. بەتەواوی کاری ڕووناککردنەوەی بۆ کرابێتو بکرێت بۆ زیادکردنی سیمای هونەریو جوانی.
- دیواری چواردەوری باخچە یان پارك دەبێت فەرامۆش نەکرێتو بەتەواوی ڕووناك بێت لەبەر دابینکردنی ئاسایشو جوانیو دەرخستنی گۆشە جیاوازەکانی باخچە.
- ڕووەكو درەختە جیاوازەکانی ناو باخچەکان پێویستی بەبواری ڕووناکیو ڕووناك کردنەوە هەیە بەمەبەستی جوانیو گەشەو ڕەنگاوڕەنگیو شێوازەکانی ڕووناك کردنەوەش زۆرن وەك:

### 1. روناکی سەرەکی یان ڕووناکی لەسەرەوە.

بریتییە لەو هۆکاری ڕووناکییەی کە بەرەو سەروە دادەنرێت، بەتایبەت لە باخچەکاندا بەکاردێت لەشوێنی سەرنجراکێشو دارستاندا یان لەبەردەم درەختی گەورەو بەتەمەنو گەڵا چڕدا. کە جگە لە بەخشینی سیمای جوانی ڕووناکی لایەنی هونەریو زانستیش بەرەودار دەکات.

### 2. روناکی خواروو یان بەرەو خوار.

بریتییە لەو ڕووناکییەی کە دادەنرێت بەمەبەستی ڕووناککردنەوەی باخچەیان دیواری دەرەکی یان ڕێڕەوی هاتووچۆ.. تاد. لەم جۆرەدا چەندین جۆری جیاواز لەڕوناکیو گڵۆپو ڕووناکی جیاجیابێت. لێرەدا گڵۆپو روناکی هالۆجینی (20-35) وات بەکاردێت. حەوزی تایبەتی ڕووەکی وگوڵیش ڕووناك دەکاتەوە.

### 3. ڕووناکی مانگی

بەهەمان شێوەی ئینارەو ڕووناك کردنەوەی سەرەکییە، بەڵام ئەو گڵۆپ و دیاردە ڕووناکیانەی لێرەدا بەکاردێن ناسکترو سادە ترن. بە گشتی لەسەر شێوەی هێلکەیی یان مانگین و لەبەشی سەرەوەی دارو ڕووەك دادەنرێتو هەستێکی سروشتی دەبەخشێت.

### 4. ڕووناکی شەبەحی

بریتیە لەو ڕووناکییەی بەکاردێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی درەختو دەوەنە جیاوازەکانی ناو باخچە، لەم ڕێگەیەدا گڵۆپ یان ڕووناکی لەسەر دیوارێك لەبەشی پشتەوەی درەختەکە یان دەوەنەکە دادەنرێت، بەمەبەستی دەرکەوتنی هەموو جوانییەکانی ئەو ڕووەکە.

### 5. ڕووناکی سێبەردار

بریتییە لەو ڕووناکییەی بەرەو ڕووی درەختێك یان دەوەنێك دەکرێتەوە بە ڤۆڵتییەی زۆر نزم بە شێوەیەك گرنگی بەدەرکەوتنی سێبەری درەختەکان بدرێت.

### 6. ڕووناکی ئاوێنەیی

لەکاتی بوونی دەریاچە یان مەلەوانگەی ئاوی تایبەت و مەزن، ڕووناکی لەشوێنی بەرزو دوور دادەنرێت بەپێی ئەو شێوەیەی دەمانەوێت دەرکەوێت ڕووناکی پیشان دەدرێت.

### 7. ڕووناکی پارچە پارچە کراو

بریتییە لەو جۆرە ڕووناکییەی بەشێوەی جیاوازو گۆردراو پارچەپارچە بەکاردێت شوێنی تایبەتی پێ ڕووناك دەکرێتەوە.

### 8. ڕووناکی مەساری

بریتییە لەو ڕووناکیەی کە بۆ شوێنی لار بەکاردێت بەتایبەت لەشوێنی هاتنە ژوورەوەو چوونە دەرەوەی باخچەکاندا، بەتایبەت لە باخچەی بچوكو ئەو باخچانەی کە ڕووەکی قەزەمی تیادایە.

